# د. سەبیح لوتفی ئیسماعیل عەزیز واژۆی لەسەر بەڵگەی مردنی سەدان لە سێدارەدراوی کورد کردووە.

**دیدار: ڕێکار مزوری**



لەدوا ئەوەی هەولمان دا پەرتووکێك دروست بکەین بەناوی ( لە سێدارەوە بەرەو ئەنفال و کیمیاباران ) چەندین بەلگەمان کۆکردنەوە ، بەتایبەت بەلگەی کوچی دوای ( بیان وفات )ی شەهیدانی سێدارە ، ناوی ئەو دکتورانەی واژۆیان کردووە کە ئەم کەسە گیانی لە لاشە دەرچووە ، نوسی و بەدوایاندا گەرام بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکەمەو لەسەر چونیەتی لەسێدارەدانی مرۆڤی کورد لە لایەن رژێمی بەعسەوە.زۆر لەبەلگەکان واژوو ناوی ( د.سەبیح لوتفی ئیسماعیل عەزیز )ی لەسەربوو ، کە لە دایکبووی سالی ( 1938 ) شاری کەرکوکە دەرچووی سالی 1967زانکۆی پزیشکی بەغدایە، سالی 1972 خۆلی شارەزایی لە بواری پزیشکی دادوەری دیتووە سالی 1975 تا سالی 2000 بەرپرسی ئەم بەشە بووە .واژووی لە سەر سەدان بەلگەی کوچی دوای ئەو کەسانەیە کە حکومەتی بەعس بە ئەشکە نجە و سێدارە و کولەباران شەهید کراون. بۆ زیاتر شارەزابوون لە چونیەتی بەرێوەچوونی کارەکان و دیتنی ئەوکەسانەی شەهید دەکران، لە بەرواری ( 28-12-2010 ) لە شاری هەولێر ئەم دیمانەمان لە گەل سازدا .

**سەرەتای دامەزراندنت لە کام نەخۆشخانە بووە؟**

سالی 1972 ئێمە (12) دکتۆر بووین دابەش کراین بەسەر سێ دەڤەردا هەر چوار دکتۆر بۆ ناوچەیەك ، (هەولێر ، بەعقوبە ، سلیمانی ) منیش یەکێك بووم لەو (12) پزیشکانە، لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر دامەزراین تا سالی 2000 لە سەر کاری خۆم بەردەوام بووم .

**کەی لە بواری پزیشکی دادوەری کارت کرد ؟**

لەدوای سالێك لە کارەکانی ناو نەخۆشخانە دەستم کرد بە کارکردن لە بواری پزیشکی دادوەری لە سەرەتا ئێمە(5) کەسبوین (2) دکتور (3) بەردەست من بووم بەرپرسی ئەم بەشەو ژورێکی تایبەتمان دامەزراند لە ناو نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر و هەموو تومارو راپورتی خۆمان ئەرشیف دەکرد. چونکە ئەوکات پەیمانگای پزیشکی دادوەری تەنها لە بەغدا هەبوو ، یاسای پزیشکی دادوەریمان بەبەردەوامی دەخویندەوە شارەزای تەواومان لێ پەیدا کرد . زۆرجار لاشەی ئەوکەسانەی کۆچی دواییان دەکرد لە بنکەی پۆلیس بۆمان دەهاتن و ئێمەش بەهۆی چۆنیەتی گیان لەدەستدانیان راپۆتی خۆمان بەرز دەکردەوە.

**پۆلیس بەفەرمی لاشەکانیان رەوانەی لای ئێوە دەکردن ؟**

بەلێ بە نوسراوێکی فەرمی بوو فەرمانگەکەمان دەناردن، تا سالی 1980 ، بەلام دوای ژمارەی لاشەکان زۆربوون و بە لیست بۆ ئێمەیان دەناردن بۆ ئەوەی بەلگەنامەی کۆچی دوای بویان دروست بکەین .

**کەسوکاری شەهیدان چیان دەکرد ؟!.**

بەراستی هەندێك جار بەدزی رەوانەی لای ئێمەیان دەکردن ، ئێمەش زۆرجار بە دزی بەخەلکەکەمان دەگوت کەسوکاری ئێوە لە سێدارە دراون یان رەمی کراون .

بەلام دوای ئەوە شەهیدەکان ئەوندە زۆربوون خەلك بەشێوەیەکی زۆر کۆدەبوونەوە ، حکومەت دەترسا خۆپیشاندان دۆرست ببێت ، لاشەکانیان رەوانەی بەرێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر دەکران و لە گورستانەکان دەیان ناشتن .

ئایە ئەوکەسانە لە بەرچاوی ئێوە لەسێدارە دەدران یان بەدزی ؟

بەزۆری کارەکان شاراوە بوون ، کە خەلکەکە لە سێدارەدەدرا یان رەمیان دەکردن ،ئێمە پشکنینمان بۆ دەکردن و بەلگەی کۆچی دوایمان بۆ درست دەکردن .

**کەسوکاری شەهیدان بەلگەکانی خۆیان لە ئێوە وەردەگرت یان دائیرەی ئەمن ؟**

لە ئێمەیان وەردەگرت بەلام بە فەرمانی ئەوان بووە ، زۆریشیان دەشاردنەوە .

دوای راپەرینی سالی 1991 خەلك زۆر دەهاتن بۆ فەرمانگەکەمان لە چارەنوسی کەسوکارانی خۆیان دەگەران ، هاوکاریمان دەکردن ، بە بەلگە بویان روندەبووە کە خزم و کەسوکاریان نەماون .چەندین لیست و بەیان وەفاتی شاراوە هەبوون دامانە خەلکەکە بە تایبەت خەلکی هەولێر .

**ئەوکاتەی مرۆڤەکان لە بەرچاوی ئێوە رۆحیان لە لاشەکانیان دەردەچوو هەستان بە چ دەکرد ؟!**

بەراستی دیمەنێکی ترسناك وجەرگ بڕبوو بەلام ئێمە کارمەندی حکومەت بووین دەسەلاتمان نەبوو.

**دەربارەی چارەنوسی ئەنفالکردنی کوردەکان زانیاریت هەیە هاوکاریمان بکەی ؟**

نەخێر تەنها چەند لیستێکی ناوان لای ئێمە هەبوو دامانە لایەنە سیاسیەکان و خەلکەکە و بە هۆی ئەم لیستانە ،هەندێکیان لەگورستانی کارگەی قیری هەولێر دۆزرانەوە و دەرهێنران دووبارە لە دۆلی بالیسان روفاتەکانیان بە خاك سپاردنەوە .

ئێستا بەردەوامی لە فەرمانگەی خۆت ، نەخێر ماوەی چەند سالێکە خانەنشین کراوم لە مالەوە دانیشتووم .

**بەعسیەکان چەند رێگایان بەکار دەهێنا بۆ کوشتنی مرۆڤەکان ؟**

رێگاکان زۆربوون ، بەلام ئەوانەی من بە چاوی خۆم دیتوون و پشکنینم بۆ کردوون ، رەکردن بە گولە ، لەسێدارەدان بە پەتی سێدارە ، ئەشکەنجەدان بەهۆی لێدانی بەهێز .

**ئەو واژوویانەی سەر ئەم بەلگانە هی جەنابتانن ؟**

بەڵێ واژووی منن

**ئێستا ئەودیمەنانە کە دووبارە دەبنەوەوژدانت ئازارنادەن؟**

چوون هەموو دیمەنێکی ترسناك و ناخۆش لەبیر مرۆڤ ناچێتەوە و ئازار بەخشە .

**دوو لەو بەلگانەی واژووی دکتۆری ناوبرا لە سەرە** **

